ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

داگرتنی نوێکاریەکانی Real One Player.

نووسەر:

:@

داگرتنی نوێکاریەکانی Real One Player. پرۆگرامی Real One Player یەکێکە لەو پرۆگرامانەی کە بوونیان لە هەموو کۆمپیوتەرێکدا شتێکی پێویستە. دەتوانێ زۆربەی فۆرماتەکانی پەرگە دەنگیەکانی بکاتەوە و بیانخوێنێت.
تازەترین وەشانی ئەو پرۆگرامە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، وەشانی 10.5ـە، کە چەند تایبەتیمەندیەکی هەیە لە وەشانەکانی پێشووی نەبووە. من هەوڵ ئەدەم لە داهاتوودا چەند بابەتێک سەبارەت بەم پرۆگرامە و ڕێکخستنەکانی بنووسم.
لەم بابەتەدا چۆنیەتی داگرتنی نوێکاری یان زیادکردنی ئامرازی نوێ بۆ Real One Player شیدەکەمەوە، بۆ نموونە دەتوانی Pluginـێنێکی نوێ دابگریت کە ڕێگە بدا بە پرۆگرامەکە بۆ خوێندنەوەی فۆرماتێکی تایبەت یان فۆرماتێکی دیکە جگە لەوانەی کە پرۆگرامە خۆی سەپۆرتیان دەکات. هیوادارم سوودی هەبێت.
ماڵپەڕی پرۆگرام www.real.com.
لە پەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامەکەدا Tools و پاشان Check For Update کرتە بکە.




هەندێک چاوەڕوانبە بۆ پەیوەندیکردن بە بنکەی داگرتنی نوێکاریەکان.




پاش چەند چرکەیەک پەنجەرەیەکی وەک ئەمەت بۆ دەکرێتەوە.




2> ئەو نوێکاری یان ئامرازانەی کە هەیە و دەتوانی دایانبگریت، لەگەڵ پێناسەیەک لە ژێر هەر داگرتنێکەوە.
3> پاش هەڵبژاردنی ئەو داگرتنانەی کە دەتەوێ دایانبگریت، کرتە بکە سەر Install بۆ داگرتن و دامەزراندنیان.




جارێکی دیکە دەبێ هەندێک چاوەڕوانبی بۆ ئەوەی داگرتن و دامەزراندن کۆتاییان پێبێت. لەوانەیە پاش تەواوبوون داوات سەرلەنوێ هەڵکردنەوەی کۆمپیوتەر بکات بۆ جێگیرکردنی گۆڕانکاریەکان.

کۆتایی.

Oct 2005 13

**Chin Up Snoring Remedy**
Provides support for the chin Promotes nasal breathing

**Tighten Sagging Skin**
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google